# کەرکـــــووک



## هۆنراوەی شاڵاو

**ئەگەر گیانم لە ڕۆژانی سەختی ئەنفالْ**

**نەبەخشی بە کۆرپەیەکی زیندە بە چاڵ**

**ئەگەر دڵم بۆ زامی قووڵی هەڵبجە**

**نەتوایەوەو نەبوو بە ئاو**

**بۆ پەیکەری عومەر خاوەر**

**نەبووم بە یەک تیشکی هەتاو**

**ئەگەر سەرم لە ڕۆژانی پێشمەرگەدا**

**نەکرد بە قوربانی چیا**

**نەبووم بە هەڵۆی بەرزە فڕ**

**لەئاسمانی هەموو دونیا**

**ئەگەر خوێنم نەکرد بە خەنە بۆ پەنجەی**

**دەزگیرانم کاتێ کە ئەو تازە بووکە**

ئەوە خوێنم ... ئەوە سەرم

ئەوە گیانم ... ئەوەش دڵم

بەقوربانی بابە گوڕگوڕو کەرکـــــــووکە

shallaw1@hotmail.com